# دواڕۆژ

دوو هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

دەریدەکات

ژمارە (٩٠) ساڵی هەشتەم

٢٠٢٠/٠٦/١٢ - ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٩٨

نرخ: ٥٠٠ دینار

dwaroj@komala.com


### ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

# جەنگاوەرانی ئازادی و بەرابەری و دژی ژێردەستەیی



## سەروتار

### جەنگاوەرانی ئازادی و بەرابەری و دژی ژێردەستەیی

**ڕەزا کەعبی**

ڕۆژی ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ لە بێدەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوبەر سنووری دەستکرد، زیندانیکی سیاسی کە ماوەیکی زۆر نەبو لە بەند دەرباز ببوە، بۆ گەیشتن بە شۆرشی سەرلەنوێ هەڵگیرساوی باشوور سنوری بریبوو تەنیا چەن ڕۆژێکە گەیشتوەتە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی دەڤەرەی ماوەت، لە بەیانییکی زوو لە یەکەم دەسڕێژە گولەی داگیرکەران غەڵتانی خوێن کرا و گیانی بەختکرد. چەن مانگ دۆاتر کە کوردستان بە نەمانی پاشایەتی بۆ کورت ماوە هەناسەی ئازادی هەڵمژی، ناوی سەعید موعینی (خانە) کەوتە سەر زمان کە بۆ بەشداری لە شۆرشی کوردستانی باشوور لە لایەن کۆمەڵەوە بە ریزەکانی یەکییەتی نیشتمانی پەیوەست بوە و بە داخەوە زۆر زوو گیانی بەخت دەکا.

چەن مانگ تێناپەڕێ کە پاش شۆرشێکی گەورەیی جەماوەری تاج و تەختی شای ئێران هەڵپێچرا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەرفەتکی مێژوویی و کەم وێنەی پەیدا کرد کە چەندین هەنگاوی گەورە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی هەڵگرێ. جموجوڵی سیاسی جەماوەری کەوتە ڕێ، هێزی نویی کۆمەڵاتی و ڕەوتی نوێی سیاسی سەریان هەڵدا و هاتنە گورەپانی خەبات و بەرخۆدانی جەماوەری. چۆار ڕۆژ دوای ڕووخاندنی ڕژیمی شاە، کۆمەڵە بە بۆنەی گیانبەختکردنی کاک محەمەد حوسین کەریمی یەکێک لە ڕابەرانی لە ڕاگەیاندنێکدا هەڵسوڕانی ئاشکرای خۆیی ڕاگەیاند و بەمجۆرە هێزێکی سیاسی چەپ و سوسیالیستی لە کوردستان بە سەدان زیندانی سیاسی ناودار و کادر و تێکۆشەری ناو جەماوەر و خەڵکی لە شار و گوندەکانی کوردستان ڕاسان و بە بیروباوەری نوێ و هێزی نوێ بون بە پێشڕەو و ڕابەری ڕووداوە سیاسیەکان و جەماوەر. لە شش مانگی یەکەمی پاش ڕووخاندنی ڕژیمی شاە، کۆمەڵە بە خێرائیکی بەرچاو لە ریزی پێشەوەی جەماوەری کوردستان جێ کەوت و ڕابەران و کادرەکانی لە زۆربەی شارەکان بون بە وتەبێژ و نوێنەری جەماوەر. کۆمەڵە دەوری سەرەکی گێرا لە دارشتنی خۆاستەکانی گەلی کورد، لە نەرۆزی خوێناوی سنە، لە بایکوت و بەشداری نەکردنی گەلی کورد لە بە ناو ریفراندۆم، لە وتووێژ لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تازە پێگەیشتو پاش نەورۆزی خوێناوی، لە دامەرزراندنی جەمعییەتەکان، لە پێکهێنانی یەکییەتی جوتیارەکان، لە کۆچی مەریۆان و سازماندانی ریپێۆانی هەزاران کەسی شارەکانی سنە و سەقز و بانە بۆ مەریۆان، و دەیان حەرەکەتی سیاسی لە شارەکان و حوزوور لە لادێکان، سیمای کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخۆازی کوردستانی لە ناوەڕک و خۆاستەکان و بەشداری بەرچاوی جەماوەر و هەستانی دەیان و سەدان کادری جەماوەری لە دڵی خەڵکەوە، هاتنە مەیدانی ژنان و لاوانی شۆرشگێر گۆڕیی.

لە هەمان کاتدا کۆمەڵە ئەو هێزە سیاسیە بو کە بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و ناسینی ماهییەت و داهاتوی ئەم ڕژیمە، گومانی نەکرد کە تەحمولی ئازادیە سیاسەکان و حوزووری جەماوەر و هاتنە مەیدانی کرێکاران و ژنان و گەلانی سەرکوتکراو ناکا و هەمو هێزی خویی بە کار دێنێ کە هەستان و هاتنەمەیدانی خەڵک دابمرکێنێتەوە و خامۆشیان بکاتەوە. هەروەک چۆن پاش بیست ڕۆژ لە هاتنە سەرکاری لە ڕۆژی هەشتی مارس بە تیغ و ئەسید و قەمە و چەقۆ و حزبواڵهی خۆپیشاندانی ژنانیان خوێناوی کرد و چل ڕۆژ دوای دامەزراندنی نەورۆزی خوێناوی سنەیان خولقاند و هێرشیان کردە سەر تورکەمەن سەحرا. هەر بۆیە کاک فوئاد و کۆمەڵە و زۆربەی خەڵکی کوردستان گومانیان نەبو کە ڕژیم هێرش دەکاتە سەر کوردستان و مەسەلە ئەوەیە کە چۆن بکرێ وەم هێرشە دۆا بخرێ.

...بۆ ل٧

## کۆڕۆنا وەک لافاو ڕەحم بە هیچکەس ناکات

### ڕاپۆرتێک لە شاری سنەوە

**شوان زاگرۆس_سنە**

کاتێ ئەم چەن دێڕەتان بۆ ئەنووسم ئاگاتان لە نەخۆشخانەی تەوحیدی سنە نییە کە سالۆنەکانی ئورژانس و بەشەکانی داخلی چ خەوەرە. شوێن بۆ خەواندنی نەخۆشی تازە نییە. هەر لە سەرەتای هاتنە ژوورەوەی نەخۆشی تازە لە بەشی تریاژ، پێیان ئەوترێت کە شوێن بۆ بەستری بوون نەماوە و دوای پشکنین و ئازمایش ئەبێ بگەڕینەوە بۆ ماڵ و هەر لەوێ بۆ خۆتان دەرمان و قەرەنتینە دەست پێبکەن.چەن ڕۆژە کە مۆرەخەسی و ئافی پرسنلی نەخۆشخانەکانی سنە مەمنووع کراوە. کادری دەرمان ئێتر توانایی ئەو هەموو نەخۆشەی نەماوە. تەواوی کادری دەرمان لە ئامادەباشیدان، سنە لە بواری ئاماری تووشبووان لە پلەیەکی بەرزتر لە شارەکانی پارێزگاکەدایە، بەرپرسانی زانکۆی پزێشکی سنە پەیتا پەیتا داوا لە خەڵک ئەکەن لە ماڵ بمێننەوە و پرۆتۆکۆلەکانی بێهداشتی ڕەعایەت بکەن. شار لە باروودۆخی سوور دایە و خەڵک زۆر بێخەیاڵانە لە ئەم دەستوور و ئاگادارایانە ورد نابنەوە و عەمەڵیان پێ ناکەن. هۆکاری شەپۆلی دووهەم و سەرهەڵدانی مەترسیداری کۆڕۆنا لە سنە هەڵئەگەڕێتەوە بۆ بێ مودیرییەتی کاربەدەستانی گەندەڵی شار و وێڵ کردنی شار بە ئەمانی خوا، بە قەوڵی خۆیان. ڕژیم هیچ بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ مەهار و دابین کردنی گۆزەرانی خەڵک نەبوو و کۆمیتەی گەڕەک و فەعالینی مەدەنیش تا ماوەیەک توانییان یارمەتی خەڵک بدەن.شار لە بێ دەسەڵاتی حاکمان ئەناڵێت و کۆڕۆناش حۆکمی خوی ئەکات!!!!!!

پرسیار ئەوەیە لە کاتیک دا ستادی قەیران و بەرپرسان داوا لە خەڵک ئەکەن کە ئاگاداری تەشەنە و پەرەسەندنی کۆویدی ١٩بن و مەودای کۆمەڵایەتی بپارێزن، چۆنە کە خەڵک لە ناو شار بە ئاشکرا بەڕێوەی نابەن و داخوازییە تەندرۆستییەکان لە بەر چاو ناگرن؟

چۆنە کە پەیتا پەیتا خەڵکانێ لە شارەکانی ترەوە دێنە ناو شار و کەس بەریان پێ ناگرێت؟

چۆنە کە دەسفرۆشەکانی ناو شەقامی فێردەوسی و نەمەکی بێ گوێدان بە دەستووراتی پزێشکی هەر خەریکی کاری خۆیانن؟

لەم ماوەیە زۆربەی ڕێستوران و مزگەوتەکان کرانەوە و خەڵک بە ئاسایی هاتوچۆ دەکەن، بەرگیری نەکردن لەم شوێنانە و ئاسایی کردنی وەزعی شار لە لایەن بەرپرسانەوە باس لە نەبوونی مودیریەت و ڕادەی نەزانین و کەمتر خەمی ئەوانە.

ستادی قەیران خۆی هۆکاری قەیرانەکەیە.

لە دوایین ڕاپۆرتی دۆکتر رزاعی لە سەر ئاماری کۆڕۆنا بە پێی هەواڵدەرییە ناوچەییەکان، دووپاتی کردووەتەوە کە ئاماری قۆربانیان و تووشبووانی پارێزگای سنە لە هەڵکشان دایە، بە وتەی دکتۆر رزاعی تا ئەمڕۆ ٢١ی جۆزەردان پتر لە ١٦٠٠تووشبووی کۆڕۆنا لە سنە تۆمار کراون و ٤٧ کەس گیانیان لە دەس داوە.

بە پێێ دوایین ئامار ٢٩٢ کەس لەم ڕۆژە تووش بوون و کەسانی تووشبوو گەیشتووتە ٤٦٢٠ کەس.

شارەکانی سنە ١٦٠٣ کەس، سەقز ٦٤٢ ، بانە ٣٥٠ ، قروە ٣٤٥ ، دیواندەرە ٤٨٠ ، مەریوان ٤٤٩ ، بیجار ٢٣٨ ، کامیاران



٢٤٦ ، دێگۆلان ١٨٨ و سەوڵئاوا ٦١ تووشبووی بە ویروسی کۆڕۆنا یان هەیە.

ڕەئیسی زانکۆی پزێشکی سنە ڕایگەیاند، تا ئێستە ٢١٠٠ نەخۆش سلامەتییان بە دەس هێناوە و چوونەتەوە ماڵەوە.بەڵام بە داخەوە ١٧٧ کەس (٤٣ لە سەقز، ٤٥ لە سنە، ٢١ لە قروە، ٢٠ لە بانە، ١٨لە کامیاران، ١٠ لە بیجار، ١٠ مەریوان، ٧ لە دیواندەرە و٣ نفر در دێگۆلان) گیانیان لە دەس داوە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە گەشە و پەرەسەندنی ئەم نەخۆشییە دڵەڕاوکێ خستووتە ناو بنەماڵەکان و ترسی ئالوودەبوون خۆی بووەتە هۆکاری دەیان نەخۆشی دەروونی لە ناو کۆمەڵگا.زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی ئاکامە خراپەکانی پسا کرۆنا وەک دیاردەگەلێکی تازە کە لە سەر زۆر ڕەوشی کومەڵایەتی و دەروونی مرۆڤ کاریگەری دائەنن و نازانرێت کە جیهان دوای ئەمە بەرەو چ ئاقار و ئاکامێک دەڕوات.


**سێبەری هەژاری لە سەر خۆکوژی لە کوردستان**
سەیران مستەفازادە (ل٢)

**دیمۆکڕاسی کێشەیە یا چارەسەر لە داهاتووی کوردستان**
م.الف سین (ل٤)

**کۆماری ئیسلامی و خۆ هەڵواسین بە شەپۆلی نارەزایەتییەکانی ئەمریکا**
ئاژوان کرماشان (ل٤)

**هێز گرتنی زۆرتری نیزیکانی خامەنەیی و پرۆژەی هەلبژاردنی سەرۆک کۆماری**
کاوان موکری (ل٥)

**ئاسۆی نارۆونی بازاری کار بۆ ژنانی ئێرانی لە سەردەمی کۆڕۆنادا**
یەسنا ئەحمەدی (ل٦)

**سەردەشت مەرگەساتێکی لەبیرنەکراو**
عەزیز ئاجیکەند (ل٨)

**مانگی مەی ساڵی ١٩٦٨**
ئاروین سەعیدپوور (ل٩)

**ڕۆمینا ئازارێک بە قەد باڵای مێژوو**
سولماز دوروودی (ل١٠)

**بۆ یادی چل ساڵەی نەمر شەهین باوەفا (ل١١)**

**دۆزینەوەی نان لە ژێر سێبەری مەرگدا**
عەزیز ئاجیکەند (ل١٢)

**مارتین هایدێگەر و پرسی دیمۆکراسی**
دوکتۆر عەبدڵلا عەلیدۆست (ل١٣)

**ڕیالیسم جادویی و ئافراندنی جیهانێکی نوێ**
کەماڵ عەلیدۆست (ل١٤)

**٣١ جۆزەردان و چەند وتەیەک**
هیدایەت قادری (ل١٦)